بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

إِذَا السَّمَاء انفَطَرَتْ ﴿1﴾

کاتێك ئاسمان لەت لەت و پارچە پارچە دەبێت.

وَإِذَا الْكَوَاكِبُ انتَثَرَتْ ﴿2﴾

کاتێك کە ئەستێرە و هەسارەکان پەرش و بڵاو دەبنەوەو وردوخاش دەبن.

وَإِذَا الْبِحَارُ فُجِّرَتْ ﴿3﴾

کاتێك کە دەریاکان دەتەقێنرێنەوە.

وَإِذَا الْقُبُورُ بُعْثِرَتْ ﴿4﴾

کاتێك کە گۆڕەکان ژێرەو ژوور دەکرێن (مردووەکانی ناوی دەهێنرێنە دەرەوەو زیندوو دەکرێنەوە).

عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ وَأَخَّرَتْ ﴿5﴾

ئەوسا هەرکەس دەزانێ چی پێش خستووەو چی پاش خستووە، چی دەست پێشکەری کردووەو چی هێشتۆتەوە (لە کارو کردەوەی چاك یان خراپ کە خەڵکی دوای خۆی چاویان لێ کردووە).

يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ ﴿6﴾

ئەی ئینسان!! تۆ چی وای لێکردویت کە سەرکەش بیت بەرانبەر بە پەروەردگاری میهرەبان و بەڕێزت؟! چی وای لێکردویت کە وەکو پێویست قەدری نەزانیت؟ (وە نافەرمان و یاخی بیت؟).

الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ ﴿7﴾

(بەمەرجێك) ئەو پەروەردگارە تۆی دروست کردووە، بە ڕێکوپێکترین شێوە، بە جوانترین شێواز (ئەندامەکان هەموو لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا دانراون کە بتوانن کارو فەرمانی خۆیان بەچاکیی ئەنجام بدەن، وە ئەو ئەندامانەش کە جووتن قەبارەو درێژی و شێوەیان چوونیەکە، جگە لەوەی کە یارمەتی و تەباییەکی تەواو هەیە لە نێوانیانداو هەموان هاوکارن).

فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاء رَكَّبَكَ ﴿8﴾

لە هەر شێوەو شێوازێکدا کە ویستویەتی تۆی ڕێکخستووەو ئەندامەکانی بەیەکەوە لکاندووە.

كَلَّا بَلْ تُكَذِّبُونَ بِالدِّينِ ﴿9﴾

نەخێر، (نەدەبوو وا بیت بەرانبەر ئەو پەروەردگارە جوانکارەت، سەرەڕایی ئەو هەموو ڕوونکردنەوانە) هێشتا بڕواتان بە ڕۆژی قیامەت و زیندووبوونەوە نیە!!

وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ ﴿10﴾

لە کاتێکدا کە ئێوە چاودێریتان لە سەر دانراوە.

كِرَامًا كَاتِبِينَ ﴿11﴾

لە فریشتە بەڕێزە تۆمارکارەکان.

يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ ﴿12﴾

كە ئاگاو زانان بە هەموو ئەو کردەوەو ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدەن.

إِنَّ الْأَبْرَارَ لَفِي نَعِيمٍ ﴿13﴾

(سەرئەنجام) بەڕاستی چاکان، خواناسان لەناو نازو نیعمەتدا ژیانی پڕ لە شادی و خۆشی دەبەنە سەر.

وَإِنَّ الْفُجَّارَ لَفِي جَحِيمٍ ﴿14﴾

تاوانبارو تاوانکارەکانیش لە ناو دۆزەخدا ژیانی پڕ لە ئێش و ئازار دەبەنە سەر.

يَصْلَوْنَهَا يَوْمَ الدِّينِ ﴿15﴾

کە لە ڕۆژی قیامەتدا دەخرێنە ناوی و دووچاری دەبن.

وَمَا هُمْ عَنْهَا بِغَائِبِينَ ﴿16﴾

(لە ناویدا) ئەوان بە هیچ شێوەیەك ڕزگاریان نابێت و ناتوانن لێی دوور بکەونەوەو خۆیانی لێ بشارنەوە.

وَمَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ ﴿17﴾

جا تۆ ئەی ئینسان چووزانیت ڕۆژی قیامەت چیە و چۆنە.

ثُمَّ مَا أَدْرَاكَ مَا يَوْمُ الدِّينِ ﴿18﴾

ئاخۆ تۆ چووزانیت ئەو ڕۆژە چۆن ڕۆژێکە، (چەند سەختە، چەند سامناکە، چەندە پڕ لە مەینەتە).

يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْئًا وَالْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ ﴿19﴾

ئەو ڕۆژە كەس فریای كەس ناكەوێت، كەس هیچ شتێكی لە دەست نایەت بۆ كەسانی تر، ئەو ڕۆژە هەموو شتێك بە دەست خوایە، فەرمان تەنها فەرمانی پەروەردگاری دادپەروەرە.